بانگەوازی بە پەلە بۆ ماوڕێیانی ئەنارکیست و ئازادیخواز لە هەر کوێیەکی جیهان هەن
بانگەوازێکی ڕاستەوخۆ و تایبەت بۆ ماوڕێیانی ئەنارکیست و ئازادیخوازی عەرەبی-زمان

نا بۆ دەوڵەت، نا بۆ جەنگ، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی

چەند ساڵ و مانگ و هەفتە و ڕۆژی ڕابوردوو ئێمە ئەنارکیستان و ئازادیخوازانی هەرێمی "کوردستان" بە هەڵوێست و درووشمی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی هەموو شوێنێک و هەموو کۆمەڵێک، بەڵام نا بۆ دەوڵەت) دەنگی خۆمان دژی دەوڵەتاندنی ئەم هەرێمە لەژێر پەردەی سیناریۆی "ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی" هەڵبڕی و بەدڵنیاییشەوە ماوڕێ عەرەبی-زمان و تورکمانی-زمان و ئاشووریی و ئەوانی دیکەش هەڵوێستێکی لەو جۆرەیان هەبووە و دەبێت و هەمان چاوەڕوانیمان لە ماوڕێیانی ئەنارکیست و ئازادیخوازی سەرتاسەری جیهان هەیە، کە لە دژی هەڵگیرسانی جەنگی نەوت و دەوڵەتگەرایی (بەرەی ناسیونالیستان و چەپە پرۆ-فاشیستەکان)، لە (بەرەی دژە-جەنگی خەڵکی عیراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە) پشتیوانیبکەن و لە هەر شوێنێک دەلوێت، خۆنیشاندانی هاوپشتی و دژی جەنگ بەڕێبخەن.

ئێمە دژە-دەوڵەتین، لەبەرئەوەی دژی سیستەمی ڕامیارین، دژی پارتیبایەتی و دژی ئایدیۆلۆجییە دەسەڵاتخوازییە چەپ و ڕاسەتەکانین، لەبەرئەوەی کە دژی سەروەریی چینایەتین، دژی کاری کرێگرتە و دژی دارایی تایبەتین، کە هەموو جەنگەکانی مێژووی سەروەریی چینایەتی لەپێناو پاراستنی ئەو سێکوچکەیە بوون؛ سەروەری چینایەتی، دارایی تایبەتی، کاری کرێگرتە!

ئێمە دژی جەنگ و چەک و کینەدۆزیی نێوان ئێتنییەکان و بازنە کولتوورەکانین، چونکە جەنگ و چەک و کینەدۆزیی تەنیا جەنگ و مەرگ و کۆیلەتی بەرەنجامدەهێنن و هەرگیز سەرەنجامی هیچ جەنگێک، شۆڕشی کۆمەڵایەتیی نەبووە و هەموو کات جەنگ لەنێوبەری وزە و توانایی شۆڕشگێڕانە و لاوازکەری بزووتنەوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە ئازادیخوازەکان بووە و لە بەرانبەریش گەرمکەری بازاری چەکفرۆشی و دابینکەری نەوت بۆ کارخانەکانی چەکسازیی و ئۆتۆمەبێلسازیی و وێرانگەری ژینگە و هەژارترکردنی هەژاران و درێژکەرەوەی تەمەنی سەروەریی چینایەتی بووە!

ئێمە هاوکاتی دژە-جەنگ بوون، خوازیاری ڕۆنانی خۆبەڕێوەبەریی سەربەخۆی کۆمەڵەکانین لە هەر شوێن و هەموو کات؛ خوازیاری ڕۆنانی خۆبەڕێوەبەریی ناوچە و هەرێمەکان لەسەر بنەمای هەرەوەزییە ئازادەکان و کۆمون و ئەنجومەنە سەربەخۆکانی شوێنی کار و ژیان هەین و ئازادی تاک و بڕیاری سەربەخۆیانەی تاک بە بناخەی ئازادی و سەربەخۆیی هەموو کۆمەڵێک دەزانین و بەبۆچوونی ئێمە لە هەر شوێنێک دەوڵەت هەبێت، لەوێ ئازادی بوونی نییە، لە هەر شوێنێک پارتیبایەتی هەبێت، لەوێ سەربەخۆیی کەسیی و ئاوەز و بیرکردنەوە بوونی نییە، لە هەر شوێنێک خاوەنکار و دارا هەبێت، لەوێ کەسی بەشمەینەت و کۆیلە هەیە. هەر ئاوا بەبۆچوونی ئێمە لەنێوان فەرمانداریی بیست و شەش (٢٦) ساڵەی بۆرجوازیی هەرێمی "کوردستان" و جیابوونەوەی دەوڵەتییانەی هەرێمی "کوردستان" جیاوازی نییە و بەشی ئێمە نەداران و بێدەسەڵاتان هەر درێژە و زیاتربوونی بەدبەختییەکانی پێشووتر  دەبێت و دیوەکەی دیکەشی هەر دەوڵەتمەندتربوون و بەهێزتربوونی ڕامیاران و سەرمایەداران و فراوانتربوونی مەیدانی تەڕاتێنی کۆمپانییە جیهانخۆرەکان و نێوەندەکانی وەک سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانی و بانکی نێوەندیی ئەوروپا و دەوڵەتە زلهێزەکان دەبێت.

ئێمە ئەنارکیستان، دژی دەوڵەت و دژی جەنگ و دژی سەرکوتین و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ماودەرد و ماوچین و ماوئامانج و ماوبیر و ماوڕێکانی خۆمان لە سەرتاسەری جیهان بۆ پشتیوانی لە بەرەی دژی جەنگ و بەرگرتن لە هەڵگیرساندنی جەنگی ناسیونالیستیی نێوان ئێتنییەکانی عیراق و ناوچەکە بانگەوازدەکەین؛ ڕاستە ئەرکی ڕاستەوخۆ و خۆجێی و سەرەکیترین چالاکی ڕاستەوخۆی دژی جەنگ لەسەر شانی کەسانی ئازادیخوازی نێو عیراق و ئەرکی ڕاستەوخۆی کەسانێک دەبێت، کە بە زمانی ئێتنییەکانی نێو عیراق دەدوێن، بەڵام ئەرکی ئێوە هەر ئازادیخواز و ئەنارکیستێک لە هەر شوێنێکی جیهان هەن و بە هەر زمانێک دەدوێن و لە هەر شوینێک لەدایکبوون، لە ئەرکی سەرشانی ئێمە کەمتر نییە و نابێت، چونکە هەڵخراندن و ڕێکخستنی دەنگی ناڕەزایەتی شەقامی کۆمەڵەکانی خۆتان دژی جەنگ، تەواوکەر و مسۆگەرکەری سەرکەوتنی دەنگە دژە-جەنگەکانی نێوخۆی عیراق و کەمترکەرەوەی مەترسی مەرگ و ئاوارەبوونی منداڵانی عیراقە.

ئێمە ئەنارکیستانی کوردی-زمان بە دیاریکراویی ماوڕێ (ئەنارکیستە عەرەبی-زمانەکان و فارسی-زمانەکان و تورکی-زمانەکان) بۆ وەستانەوە دژی جەنگ و هاوپشتیکردن و یەکێتی لەتەک خۆمان دژی (پلان و بڕیارەکانی سەروەران و سەرمایەدارانی کوردی-زمان و عەرەبی-زمان و فارسی-

زمان و تورکی-زمانەکان) بانگەوازدەکەین و هەر خۆگێلکردن و هەر کەمتەرخەمییەک و خۆدوورگرتنێک لەو بارەوە، بە ڕەزامەندبوون لەتەک جەنگ و ڕامیاران و سەرمایەداران و کۆمپانییە جیهانخۆرەکان دەزانین. ئێمە بێجگە لە دژە-جەنگ بوون و هەوڵ و پاگەندەی بیست و چوار ساتە دژی جەنگ، هیچ هەڵبژێر و ئومێد و چارەیەکی دیکەشکنابەین، ئێوەش خۆتان و ویژدان و ئەرکی مێژوویی سەرشانتان؛ ئێمە لە ئێوە داخوازیی پشتیوانی و هاودەنگی دەکەین، نەک بڕیار و سەپاندن و ناچارکردنی ئێوە، چونکە بۆ کەسی ئەنارکیست دژە-جەنگ بوون و چالاکی خۆجێی و هاوپشتی جیهانی ئەلف و بای تێکۆشانی ئازادیخوازانەن. ئێمە چاوەڕێی هەڵوێست و پشتیوانی چالاکی هاوڕێیانەی ئێوەین، منداڵان و پیر و پەککەوتان و نەداران و بێدەسەڵاتانی هەموو بەشەکانی عیراق چاوەڕێی هەڵوێست و پشتیوانی و خۆنیشاندانی ئێوەن!

نا بۆ جەنگ
نا بۆ دەوڵەت و سەروەریی
نا بۆ نەتەوە و وڵات و ئاڵا
نا بۆ سیستەمی چینایەتی

بەڵێ بۆ هاوپشتی و یەکڕیزی دژی جەنگ
بەڵێ بۆ تێکۆشانی کۆمەڵایەتی
بەڵێ بۆ خۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتی
بەڵێ بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی
بەڵێ بۆ ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتیی
بەڵێ بۆ خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی

سەکۆی ئەنارکیستانی کوردیی-زمان
١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

سایتی سەکۆی ئەنارکیستان
www.anarkistan.com

پەیجی فەیسبووکی ئەنارکیستان
www.facebook.com/sekoy.anarkistan

سەکۆی ئەنارکیستان لە تویتەر
https://twitter.com/anarkistan

ئیمەیل ئادرەسی ئەناکیستان
anarkistan@riseup.net

